**تۆماس ترانسترۆمێر= Tomas Tranströmer**

**وەرگێڕ لە سوێیەوە: ڕەحمانی سۆفی**

## لە خوڕەی کەپۆی گەمیدا پشووە

بەیانییکی زستانی دەردکەوێ،

چۆن ئەم خاکە خۆدەگەوزێ بەرەو پێش

گرژی با، لە نەهانی ،

دیوارەکانی خانوەکە پێکدا ئەدا

بزوتنەوە کۆتەی سەر ئاوە

خێوەتی بێدەنگی و

سکانی شاردراوەی پۆلی مەلی کۆچەر

لە لێڵایی زستانەوە،

لە ئامرازی موزیکی حەشار دراودا

ئاواز بەرز دەبێتەوە.

وەکوو ئەوەیە کە ،

لە ژێر پۆپرینی زراوی هاوین دا وێستابی،

بەڵام ویزە ویزی دەیان هەزار مێشولە

بە سەر سەرتەوە بێ . . .

ڕۆژ و شەو ئاوەژوو

مرۆچە بێ بزوە پاسەوانی جەنگەڵ دەکا

لە نێو هیچەوە،

نێوەوەی پوچەی دەبینێ

لە تارمایی کۆگەلاوە،

بە بێ دڵۆپی شەونم

و زەمزەمەی شەوانە

له قوڵایی هەڵدێری هاوینەوە

بە پوچی دەبیسرێ

وەک سوورنیشانی کاتژمێر

دارکاژ دژوار وێستاوە

مرۆچەکە لە سێبەری چیادا دەگەشێتەوە

قاڕە و جوکەی مەل،

و سەرئەنام هێدی هێدی

هەوری باردار دەچەرخێ.